**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٣**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بەمەبەستی جێبەجێکردنی ڕێنمایی وەرگرتنی باجی ئۆتۆمبێلی بارهە ڵگر ژمارە (١٧٢٠) لە (٢٠٢٣/٢/٢٠) ، بۆ بەرژەوەندی گشتی و کار ئاسانی بۆ هاوڵاتیان و ڕێگری کردن لە خۆ دزینەوە لە باج ، بڕیارماندا بە: -

- کردنەوەی سێ تێبینەرایەتی لە ناو بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆی پارێزگاکان بەم شێوەیەی خوارەوە :-

١- تێبینەرایەتی باجی ئۆتۆمبێل/ هەولێر/ سەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری بەڕێوەبەرایەتی باجی دەرامەتی هەولێر /١

٢-تێبینەرایەتی باجی ئۆتۆمبێل/ سلێمانی/سەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری بەڕێوەبەرایەتی باجی دەرامەتی سلێمانی/١

٣- تێبینەرایەتی باجی ئۆتۆمبێل/ دهۆک/ سەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری/ بەڕێوەبەرایەتی باجی دەرامەتی دهۆک .

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

---

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندابە:

**بەیانی**
**ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠٢٣**

- کردنەوەی (بەشی گرێبەستە گشتییەکان) لە دیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی کۆیە.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/٥/٢.

**د.سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**